## بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

بـــڕیار
ژمـــارە (١٦) ســـاڵـــی ٢٠١٠

بەپێی ئەودەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی ( یاسای ســەرۆکایەتی هــەرێمی کوردســتان – عێــراق )ی ژمــارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لــە دانیــشتنی ژمارە (٧) لە ٢٦/١٠/٢٠١٠ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

## بـــڕیـــاری ژمـــارە ( ٦ )ی ســـاڵـــی ٢٠١٠ ی
## پـەرلـــەمـانـی کـــوردســـتان – عـــێراق

**یەکەم :** جەژنی سەری ساڵی ئێزدی کە یەکەم چوارشەممە لە مانگی نیسانە بە گوێرەی ساڵنامەی رۆژهەڵات، بە پشووی فەرمی بـۆ هەرێمی کوردستان – عێراق دادەندرێت .

**دووەم :** ئەو جەژنانەی دادێن بەجەژنی فەرمی بۆئێزدییەکان لە هەرێمدا دادەندرێن :

١. جەژنی جەمایێ لە حەوتی (٧) ی مانگی تشرینی یەکەمی زایینیەوە تاوەکو سێزدە (١٣)ی لە هەمووساڵێکدا .
٢. جــەژنی چــلەی هــاوین لەســی ویــەکی (٣١) ی مــانگی تــەمووزەوە تــاوەکو دوو (٢)ی مــانگی ئــابی زایینــی لە هەموو ساڵێکدا.
٣. جەژنی رۆژووی ئێزدییەکان کە رێکەوتی یەکەمین رۆژی هەینییە لە مانگی کانوونی یەکەم بەسالنامەی رۆژهەڵات .

**سێیەم :** دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن .

**چوارەم :** ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ ولە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) دابلاودەکرێتەوە .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر :**

٧/ تشرینی دووەم /٢٠١٠ی زایینی .
١٦/ گـەلاڕێـــزان /٢٧١٠ی کوردی .
١/ ذوالحـجـــــــە / ١٤٣١ی کۆچی .